# لەبارەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ

## جەمال پیرە

سیستمی دەوڵەتی نوێ «THE MODERN STATE SYSTEM» لەدەرەنجامی ئەزموونی بەردەوامو مێژوویيانەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هاتۆتەئاراوە، هەر لەسەرەتاوە واتە لەکۆمەڵگەی سەرەتایی بەر لە مێژووی نوسراودا بیرۆکەی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵ سەریهەڵداوە، مێژوونووسان پێیانوایە یەکەمین لاپەڕەکانی مێژووی نووسراوی مرۆڤ لە"میزۆپۆتامیا" لەگەڵ دەرکەوتنی شارە سۆمەرییەکانەوە سەریهەڵداوە واتە نزیکەی 4000 ساڵ پێش زایین، دواتر دەرکەوتنی مەمالیکە کۆنەکان لە دۆڵی نیلو میسری فیرعەونیدا 3300 ساڵ پێش زایین،لەو کاتەی کە گوندە کشتوکاڵییەکانی ئەوسا بوون بە هەوێنی دروستبوونی شار، تا گەیشتە سەردەمی گریكو دواتریش رۆمانەکان کە لەوانەوە دەوڵەتەشارەکان«CITY STATES» سەریانهەڵدا، لەدوایشدا سەردەمی کۆنترۆلکردنی کۆمەڵگای مرۆیی لەلایەن فیودالییەتەوە، لە فیودالییەتیشەوە بەرەو سەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکان کە رێکخستنێکی مرۆییانەی ئەو سەردەمە بوو تیایدا گەلان لە پانتایی سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا لەلایەن دەسەڵاتێکی مەرکەزییەوە فەرمانڕەوایەتی دەکران، یاخود لە رێگەی چەند ویلایەتێکەوە کە لەلایەن مەرکەزەوە کۆنترۆلکرابوون، وەك دەزانین دوا سیستمی ئیمپراتۆریەتیش دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لە ئەوروپای سەدەی شانزەهەمی زایینیدا، کە مەیلی خەڵکانێك بوو سیفاتی هاوبەشی رەگەزیو ئایینیو نەریتو زمانو مێژووی هاوبەشو پێگەی جوگرافی کۆیکردبوونەوە، لەو سەردەمەدا بیرۆکەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ لە ژێر کاریگەری فەیلەسوفانی وەك سان سیمۆنو ئۆگۆست کۆنتو ئیمیل دۆرکهایمو هتد، هاتەئارا،، تا گەیشتە ململانێیە ئایینیو مەزهەبییەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا،سەرجەم ململانێکانی نێوان کلێساو دەوڵەتو میرو پادشاکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستیش لەسەر دەستگرتن بە دەسەڵاتەکانیانو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە رووناکبیرییو هاتنە کایەی کلێسای نەتەوەییو فەرمانڕەوایی پادشاهیی نەتەوەییو سەرهەڵدانی پرۆتستانتیەتو رووبەڕووبوونەوەی بانگەشە گەردوونییەکانی کاسۆلیك هۆکاری گەورەی هاتنەئاراو سەرهەڵدانی بیری سیاسیی نوێ بوون، ئەو قۆناغە نوێیەی کە سەردەمی رێنیسانسی بەدوای خۆیدا هێنا ململانێو شەڕی ماڵوێرانکارەی بەدوا داهات، لەسەرووی هەموو هۆکارە راستەوخۆکانی روودانو هەڵگیرسانی جەنگە ناوخۆییەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپاو سووربوونی پادشاکان بوو لەسەر رەهایەتی دەسەڵاتەکانیان، ئەوان خۆیان بەخاوەنی شەرعیی دەوڵەت دەزانیو دەسەڵاتو سەروەریی دەوڵەتیان لە چنگی خۆیاندا گیرکردبوو، راستییەکەیشی هەموو ئەو سووربوونانەی پادشاکان بە پاڵپشتی دەسەڵاتی رۆحیو کلێسایی ئەو سەردەمەوە بوون، بۆیە لێرەدا کە دێینە سەر دروستبوونو هاتنەئارای دەوڵەتی نوێو لەپاڵییەوە ریفۆرمی ئایینی پێویستە ئاماژە بە مەیلی سەرکوتکەرانە بدەین کە دواجار ئەم مەیلە رێگە خۆشکەر بوو بۆ تەواو چەسپاندنو هاتنەکایەی سیستمی نەتەوەییانەی دەسەڵات،ئەمەش رەنگە بەشێکی لەبەر ئەوە بووبێ کە ریفۆرمی ئایینیو سەرهەڵدانی پرۆتستانتییەتو ئامۆژگارییەکانی لۆتەرو کالڤن لە جەوهەردا راڕاییەکی رەهای لە ناخی تاکی کریستیانی ئەو سەردەمەدا جێهێشتبێ، لەراستیدا نوێیەتی بیرۆکەی چاکسازی ئایینیو قەبوڵکردنی ئاراستە رەخنەییەکانیان لەو ساتەدا نەك هەر ئاسان نەبوو بگرە لەگەڵ خۆیدا مەترسی مەرگو ماڵوێرانی بەدواوە بوو، لێرەوە دەکرێ پێمانوابێ سەرەتای هەرسکردنی بیرۆکەی پرۆتستانتییەتی کالڤنو لۆتەرو بیرمەندە ئایینییەکانی دی، بەشێوەیەکی هەرەمی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بوو واتە لە پادشاکانەوە بەرەو خوارەوە، بۆ نموونە لە دوای وەرگێڕانی ئینجیل لەلایەن مارتن لۆتەرەوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانیو وەڵامدانەوەی بانگەشەکەی لۆتەریش لەلایەن پادشای ئەڵمانیاوە هۆکارێکی گەورەی گەشەو سەرهەڵدانی ریفۆرمی ئایینی بوون، ئەگەرچی ملکەچبوونی پادشای ئەڵمانیاو دواتریش دابەشبوونی پادشاو فەرمانڕەواکانی وڵاتانی ئەوروپا هیچی لە سۆنگەی قەناعەتو بڕوای تەواویانەوە نەبوو بە مەسەلەکە بەلکو لە بنەڕەتەوە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیانەوە بوو.

لە پەراوێزی ئەم ململانێیانەی کە لەسەرەوە باسمان لێوە کرد قوتابخانەی دیموکراسییەتی لیبرالیزم سەرهەڵدەدات کە رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە هاتنە سەرپێی دەوڵەتی نوێو دواجاریش لەدوای خۆیدا مشتومڕێکی درێژخایەنی مێژوویی هێنا، ئەم ئاراستەیە لەبەر ئەوەی هەریەکە لە تۆماس هۆبزو جۆن لۆك بە پێشەنگو دەستپێشخەری داڕشتنی بیرۆکەکانی دادەنرێن. پێویست دەکات بۆچونی هەر دووکیان سەبارەت بە سروشتو بنەما سایکۆلۆژییەکانی هزری مرۆڤ لەبەرامبەر ژیانو دەوڵەتدا ئەگەر بە کورتیش بێ بخەینەڕوو.

هۆبز لە کتێبی(لیڤیاتان)دا مرۆڤ وەك خۆویستێکی لەرادەبەدەر وێنا دەکات، هەر وەك میکیاڤیلیش پێیوایە مرۆڤ هەموو شتێك دەکات تاکو بە ئامانجەکانی بگات، لە درێژەی وێناکردنی نێگەتیڤانەی خەسڵەتەکانی مرۆڤدا هۆبز دەڵێ بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ ئارەزوومەندێکی بەردەوامی دەسەڵاتەو تا کاتی مردنی هەوڵی بۆ دەدات، لەوەها حاڵەتێکیشدا بیرۆکەی ریزگرتنی مرۆڤی بەرامبەرو پابەندبوون بە پەیمانو هاوکارییە

سیاسییەکانیان ئەستەم دەبێ.

هۆبز ئەم بیرۆکەیەی لە ژێر کاریگەریی شەڕی ناوخۆی ئینگلتەراوە داڕشتووە، لێرەدا لای ئەو رەخساندنو هێنانەئارای متمانەو بڕوا لە نێوان تاکەکانداو"دەستبەرداربوونی سەرجەم مافەکانیان" گرفتی میحوەرییں، بەپێی بۆچوونی هۆبز ژیان بەردەوام لە مەترسی ئەوەدایە بکەوێتە نێو حاڵەتی سروشتی ئەو حاڵەتەی کە بە جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان ناوزەدی دەکات..

لەمبارەیەوە جۆن لۆك پێیوایە تاکەکان لەبنەڕەتەوە لە بارودۆخی سروشتیدا دەژیێن، ئەو بارودۆخی سروشتی وا وەسفدەکات کە حاڵەتێکە تیایدا مرۆڤ بۆ رێکخستنی کاروکردەوەکانی لەتەواوی ئازادییەکانی خۆیدایە بێگومان لە چوارچێوەی یاسای سروشتدا، بارودۆخی سروشتی لێرەدا بەو واتایە دێت کە فەزایەکی بارگراویکراوە بە ئازادی بەڵام لەهەمانکاتدا بێ پابەندبوونو ئەرك نییە، لەوێدا تاکەکان دەبێت بەپێی یاساکەی سروشت ئەرکەکانیان لەبەرامبەر خوادا بەجێبگەیەنن، ئەو دەوڵەتە رەهایەی کە ماکیاڤیلیو هۆبز بڕوایان پێی هەبوو بە هەوێنی سەرەتایی سەرهەڵدانی دەسەڵاتو دەوڵەتی نوێ دادەنرێتو لەدوای ئەوانیشدا مۆنتسکیۆ کە لەم بەراوردکارییەدا وەك خوێندکارو هەوادارێکی هۆبز هاتە مەیدانەوە بەڵام ئەو هەڵگری ئاڵای فەرمانڕەوایەتی دەستوریی بوو بەو پێیەی کە میکانیزمێکی میحوەرییە بۆ گرانتیکردنی مافەکانی تاك.

لەلای خۆشیەوە ماکیاڤیلی وایدەبینێ هەر سێ فۆرمە سەرەکییەکەی فەرمانڕەوایی "پادشاهیو ئەرستۆکراتیو دیموکراسی" کە لە کۆندا لەلایەن ئەفلاتونو ئەرستۆدا بانگەشەی بۆ کراوە، رێگەخۆشکەرن بۆ هاتنەکایەی سەرکوتکاری ئۆلیگارکیو ئاژاوەی بەردەوام، لەگەڵ ئەوەی کە نایشارێتەوە هەر سێ فۆرمەکە لە سەرەتادا بەشێك لە راستیو خۆشگوزەرانی تیادا دەبینرێت بە شێوەیەك کە هاوڵاتیان تاڕاددەیەك ئاسودە بکات، بەڵام ئەم سەرەتایە درێژە ناکێشێت لەدواییدا دەبێت بەو ئاژاوەیەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

مارکس بڕوای وابوو دەوڵەتی پادشایەتی بەردەوام لەهەوڵی هەڵخەڵەتاندنی بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵدایە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەوڵەتی نوێ کە لە دەسەلاتەکانی جێبەجێکردنو یاسادانان پێکدێت دەبێت بێلایەنانە فەرمانڕەوایەتی گەل بکەن، بەواتایەکی دی دەسەڵاتی گشتی دەبێ لە بەرژەوەندی گشتیدا کار بکات،

سەبارەت بە فۆرمی دیموکراسی لە فەرمانڕەوایەتیکردنی دەوڵەتدا مارکس باوەڕی وابوو کە جەوهەری دیموکراسی لەسایەی سیستمی سەرمایەداریدا جێبەجێناکرێت، رێکخستنی دیموکراسییانە بۆ ژیان لە ژێر چەتری ئەو کۆتو بەندانەی کە پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەکانی سەرمایەداری دەیسەپێنێت نایەتەدی، ئەو پێیوابوو زەرورەتی گۆڕانی بنەڕەتییانەی کۆمەڵ بۆ هێنانەکایەی ئەگەرێك بوو کە هەوڵی پشتبەستن بە"سیاسەتی دیموکراسی" دەڕەخسێنێ، بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری ئەم مەسەلەیە مارکس لەم پێرسپێکتیڤەدا وردەکارییەکی گەورەی تەبەنیکرد، لێرەدا گرنگە بۆچونو وێناکردنەکانی دەربارەی دروستبوونی دەوڵەتو رۆڵو ئەرکو سنورەکەی لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا به کورتی دەستنیشانبکەین.

مارکس لە ژێر کاریگەری هیگلەوە کەوتە تاوتوێکردنی تیۆرییانەی دەسەڵاتو دەوڵەت، ئەو بڕوای وایە وەزیفەی دەوڵەتە ململانێی نێوان تاکەکان چارەسەر بکات، ئەمەش بێگومان لە رێگەی رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ کارلێککردنیان لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنیداو هاوکات رەخساندنی هەلێك کە تیایدا مرۆڤەکان بتوانن ئیرادەی سیاسی گشتی پێکبهێنن، مارکس دەڵێت دەوڵەت بەدرێژایی زەمەن سەنتەری یاساو کولتورو شوناسو نەتەوە بووە کە بە بنەمای پرۆسەی گەشەکردنی مرۆڤ دادەنرێن، تەئکیدیش لەوە دەکاتەوە کە بیرۆکەی توانای دەوڵەت بەوەی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵو تەواوی جەماوەر بکات، بەپێچەوانەی ئامانجەکانی تاكو هەستو ئارەزووە تایبەتییەکانیان لە قوتابخانەی لیبراڵیو دیموکراسییەتی لیبرالیدا بیرۆکەیەکی میحوەرییە، ئەم مەیلە وەك کە ئەنگلسیش پێیوایە هەر دەمێنێتەوە، دەوڵەت بەرگری لە جەماوەر یان"کۆمەڵ" دەکات.

هۆبز وەك ئەرستۆ پێیوایە بۆ ئەوەی لە دەوڵەت تێبگەین دەبێ بنەماکانی دەوڵەت تاوتوێبکەین، لای هۆبز مەرج نییە خوێندنەوەیەکی مێژوویانە بۆ دەوڵەت، تێگەیشتن بێ لە بنەچەی دەوڵەت، لێرەدا هەقی خۆمانە گەر بپرسین بنەچەی دەوڵەت لەلای هۆبزەوە واتای چی دەگەیەنێت؟.

هۆبزو ئەرستۆ لەبارەی ئەسڵی دەوڵەتدا خاڵی ناکۆکیان هەیە، ئەرستۆ ئاماژە دەدات بەوەی کە خەڵك لە دەرەوەی ژیانی سیاسیدا دەتوانن هەندێ شتی پۆزێتیڤ بەدەستبێنن، ئەویش چۆنییەتی خۆ کاملکردنیانە، روونیشیدەکەنەوە کە ژیان لەژێر سایەی دەوڵەتێکدا دوا قۆناغی سروشتی مرۆڤە. بەڵام هۆبز پێیوایە خەلك بۆ ئەوە دەوڵەتێك دروستدەکەن تا لە شتە نێگەتیڤەکاندا رزگاریان بێ، چونکە ژیان پڕە لە هەژاریو سەرگەردانیو وەحشیگەری، تاکە رێگایەکیش بۆ رزگار بوون لەم حاڵەتانەی ژیان، هەبوونی دەوڵەتە. لەم نێوانەداو لەدوای ئەم گفتوگۆو

تاوتوێکردنانەدا هیگل بە پێچەوانەی رایەکانی سەرەوە بۆچونو ئاراستەی نوێتری لەگەڵ خۆی هێناو لەو سۆنگەیەشەوە بڕوای وایە کۆمەڵی مەدەنی گۆڕەپانی "رێزگرتنە لە خود"،هیگل لە شیکردنەوەی ژیانی سیاسیدا رەخنە لە ئاراستەی فەلسەفە سیاسیە نوێیەکەی هۆبزو لۆك دەگرێت، ئەو دژ بە مەیلە تاکگەرایانەکەی لیبرالیزمو تیۆرەکانی مافی سروشتیو پەیمانی کۆمەڵایەتیە بەوەی کە پرەنسیپو سەرەتای بابەخەکەیان بە تاك دەستپێنەکردووە بەڵکو لای ئەوان پرەنسیپەکەیان وەك دەرەنجامێکی پرۆسەی جیاکاری ژینگەی ئەسڵی تاك دارێژراوە یان دەرەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی، هیگڵ دەڵێ بابەخی سەرەتای فەلسەفەی سیاسی نوێ بە مرۆڤێکی ژیرو کامل نیشانەی دەرك نەکردنە بە مێژوویەتی بوونی مرۆییو بێئاگایی لە هەنگاوەکانی گەشەی مرۆڤ، بەوپێیەی کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو قۆناغ بە قۆناغ بووەتە خاوەنی ئەم هۆشیارییەی کە لە ئێستادا لێی بەدیدەکرێت، لە راستیدا هیگل لە "فینۆمینۆلۆژیای رۆح"دا وەسفی قۆناغەکانی گەشەی هۆشی مرۆڤمان بۆ دەکات، ئەمە وای لە زۆر لە پسپۆران کردووە کە فینۆمینۆلۆژیاکەی هیگل بە ئالتەرناتیڤی تیۆرەکانی مافی سروشتیو پەیمانی کۆمەڵایەتی دابنێن، هیگل سروشتیانە لە ماف ناڕوانێتو پێیوانییە لە ئەزەلەوەو لەهەموو ئانو ساتێکدا لای سەرجەم گەلاندا مافەکان لە سروشتی مرۆییەوە بەدەستهاتوون، بەڵکو لە رێی ململانێیەکی درێژی مێژوویەوە بەدەستهاتوون، فەیلەسوفەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیش وایدەبینن کە مافی خاوەندارێتی دەرهاویشتەی مافی پاراستنی ژیانی تاکو بوونە ماددییەکەیەتی، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە خاوەندارێتی یەکێکە لە رەگەزەکانی سروشتی مرۆیی، بەڵام هیگل بە رێگەیەکی تری جیاواز مەسەلەی موڵکدارێتی چارەسەر دەکات، ئەو پێیوایە مافی خاوەندارێتی پەیوەستە بە مرۆڤ وەك مرۆڤێك کە خاوەنی ویستو رۆحو هۆشە، لەکاتێکدا لۆك پێیوایە پەیوەستە بە سروشتی بایۆلۆژی مرۆڤ خۆیەوە.

زۆر لە بیرمەندان پێیانوایە بیرۆکەی دەوڵەت بە ماناو فۆرمە نوێیەکەی رێکخستنێکی سروشتیانەی کۆمەڵگەی مرۆیی نییە وەك خێزانو تیرەو خێڵ بەڵکو رێکخستنێکی دەستکردە مرۆڤ خۆی دروستیکردووە، بەپێچەوانەی راکەی فۆکۆیاما لە کۆتایی مێژوودا کە دەڵێت نەمری دەوڵەتی نوێ وەك رێکخستنی مرۆییانە دوا وێستگەیە مرۆڤ بتوانێت پێیبگات، لە راستیدا دەوڵەتی نیشتیمانی نوێ زادەی گەشەو پێشکەوتنی کولتوریو کۆمەڵایەتیو ئابووریو زانستییە(سیاسی، تەکنەلۆژیو هتد...).

دەوڵەتی نوێ لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا زۆر لەمانا کۆنەکانی خۆی لەدەستداوە، ئەوەی کە جاران لە روانگەی دەمارگیرییەوە واتاکانی سەروەریان وەك پرەنسیپێکی زەرور دەناساند، لە ئێستادا سەروەری نیشتیمانی هاوشانی پیرۆزیو بابەخی بنەڕەتییانەی خۆی واتای تر دەبەخشن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا واتاکانی پرەنسیپی یەکسانی لە نێوان وڵاتاندا لە زۆربەی بۆنە نێودەوڵەتییەکاندا پتەوتر بوونو دەستیان پێوەگیراوە، بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەك جیبۆتی کە رووبەرەکەی(8,5)هەزار میلی چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانەکەی تەنها (460)هەزار کەسە هاوشانی وڵاتێکی وەك چین دەژمێردرێت کە رووبەرەکەی(3،5)ملیۆن میلل چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانیشی دەگاتە نزیکەی(1،2) بلیۆن کەس.

---


سەرچاوەکان:

1-نماذج الديمقراطية ، ديفيد هيلد ، ترجمة فاضل جتكر

2- توماس هوبز و مذهبه في الآخلاق والسياسة، د، نبيل عبدالحميد عبدالجبار

3- www.balagh.com/

4- http://pages.pomona.edu/~mjg14747/033-2006/HobbesSN.shtml